# هاوپەیمانێتییەکی ئاسانا لەگەڵ کوردە ئامۆزاکانمان

**Samson Blinded**

**4ی تشرینی دووەم/2007**

**و: سیار محەمەد ساڵح**

**کوردستانی عێراق، کەناری ڕۆژئاوای تورکیایە. کوردستان لە باری مێژووییەوە بەشێك بووە لە تورکیا، بەریتانییەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانلییان دابڕی، دواتر ئەمریکاو یەکێتیی ئەورووپیش پشتی بەریتانیایان گرت و ئێستا بووە بە لانەو بێشەی تیرۆریستان. کورد، بەجینات خزمایەتییان لەگەڵ جولەکاندا هەیە، زۆر لە عەرەبان شارستانیی ترن.کوردستانی عێراق جێگەیەکی زۆر ئەمینە بەگوێرەی پێوەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستو، وڵاتێکی پێشکەوتووەو حکوومەتێکی تا ڕادەیەك شەفاف هەیە، مافی وەکیەکی بۆ ژنان و پەروەردەو خوێندنێکی شایستەی دابینکردووە. بەپێچەوانەی عارەبان، کورد گەلێکی بەرفەرمانە قانوون و دڵسۆزن. ئەوان جۆرە دەوڵەتێکیان بۆ خۆ دروستکردووە کە فەلەستینییەکان هەرگیز ناتوانن چێی بکەن. کوردەکان داوای ئەو هەرێمەی بەهەموو پێوەرێك بەهی خۆیان دەزانن، دەکەن: ئەوان لە زەمانی قالوبەلاوە لێی نیشتەنی بوون. بەڵام روونیشتن لەناو خاکێکدا، بەهەرحاڵ، ئۆتۆماتیکی سەروەری (دەوڵەتی سەربەخۆیە- وەرگێر) بەو خەڵکە نادا، هەروەکو چۆن باسکەکان، یان چیچانییەکان فێری بوون. هەر گروپێکی ئیتنیکی دەبێ زیندوێتی و بەکاریی خۆی نیشانبداو بەزۆری هێز داوای سەروەری بۆ خۆی بکا. ئیدی کوردیش وا دەکەن.**

**بەلانی کەمەوە، کوردەکان لە بیستەکانەوە، لەبەر داهاتە زۆربەندەکانی نەوت، شەڕ بۆ سەربەخۆیی دەکەن. ئەوان لە زۆر گۆشەو کەناران پشتەوانییان لێکراوە. ئێران بۆ دادۆشین (ئیستنزاف)ی عێراق پشتی کوردانی دەگرت، ئیسرایل بۆ وەدەستهێنانی بنکەو پێگەی ناوچەیی دژی ئێران و عێراق، ئەمریکا بۆ لادانی سەدام حسێن و ئێستا ئێران، بەرژەوەندییەکانی نەوت- وەدەستهێنانی ئیمتیاز بەبێ تەندەر. وێدەچێ رووسیا هەر بۆ رکابەرایەتی تورکیا پشتی کورد بگرێ. هیچ کام لەو ولاتانە، بەهەرحاڵ، نایانەوێ بەتەواوی تورکیا نارەحەت بکەن.**

**تورکیا بەرگەی لەدەستدانی کوردستان ناگرێ. تا ئێستا لەدەستدانی ئیمپراتۆریای عوسمانلی لەناو کۆمەڵگەی تورکیدا دەنگ و سەدای ماوە. تورکیا هەرگیز قبوڵی نەکردووە پارچەیەك لە قوبرس چییە بۆ یۆنان سەرشۆڕانە لەدەستبدا. سەربەخۆیی کوردستانی تورکیا، سوپای تورکیای پێ سەرشۆڕ دەبێ و شەپۆڵێکی ئیسلامگەرا لە تورکیا دەنێتەوە. ئەمریکا، پاش ئەوەی هانی کوردانی دا یاخی بن، رووی لە کوردی عێراق وەرگێراو بۆ سەدام-ی لێگەڕان (مەبەست راپەرینی 1991-ە، وەرگێر)، تورکیا پێیوایە ئەمریکا هیچ شتێ ناکات، ئەگەر تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی مەودا فراوان لە باکووری عێراق دژی کوردان بکات.**

**پەکەکە و گروپە گەریلاییەکانی تری کورد دەیانەوێ خۆیان بە کوردی باش نیشانبدەن، لێ ئەوان هیچ بژارەیەکیان نییە. نەتەوەی بەئەدەب و خۆش راوێژ جودا نابنەوە یان سەروەرییان (مەبەست دەوڵەتی سەربەخۆیە- وەرگێر) پێ نابەخشرێ. پەکەکە بەشێنەیی ناوبانگی زڕێندراوە. ئەوان گروپێکی مارکسی نین، بەڵکە چەندین بێزنس بەرێوەدەبەن. ئەوان بازرگانی بەمەوادی بێهۆشکەرەوە دەکەن، کە ئیمپراتۆریای بەریتانیا دەق پێش 80 ساڵ لەمەوبەر دەیکرد. سەرباری ئەوەی کە بردنی مەوادی بیهۆشکەر بۆ ئەوروپا مەسەلەی کردنەوەی بازاڕێکی نوێ نییە، بەڵکو دەرێنانی بازاری ئارای ئەوروپایە لەبندەستی گروپ و تاقمی جینایەتکارانەی ئۆرگانیزەکراودا. پەکەکە قازانجی بە ئەوروپا گەیاندووە بەهۆی وەدەستەوەگرتنی بەشێکی گەورەی بازگانیی مادەی بیهۆشکەر: قازانج و داهاتی ئەو بازگانییە خەباتی کوردی پێ بەڕێوەدەبرێ لەجیاتی ئەوەی ئەو داهاتە بچێتە گیرفانی دەستە و تاقمەی پیاوکوژ و جینایەتکاریی سەر جادان لە ئەوروپا. بازرگانییکردنی پەکەکە بە ماددەی بێهۆشکەرەوە، ئەگەر وا بگوترێ، پارەو پۆلی هەرە پیس لە ئەوروپا هەڵدەمژێ.**

**کوردەکانی تورکیا هەقی خۆیانە داوای دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان بکەن. ڕێگەپێگرتنیان، خوێنرشتنێکی بەرچاوی لێ دەکەوێتەوە. لێ خاك لە تورکیا پچڕاندن بۆ کوردان، نرخگەلێکی ناپەسندکراوی بۆ ڕۆژئاوا بەدواوەیە. باشترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و دۆزی کورددا ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا واز لە هێشتنەوەی دەوڵەتی داتاشراوی عێراقی بهێنێ، ئەو دەوڵەتە فرانکشتاین-ەی کە بەریتانییەکان پێکەوەیان لکاندووە. ئەوە (دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی - وەرگێر) چاکەدانەوەی کوردانە، کە هاوکاری ئەمریکایان کرد دژی عێراق، هەروا دەبتە هۆی دروستبوونی سەرچاوەیەکی پێشوازیلێکراوی کێشەیەکی هەمیشەیی لەنێوان کورد و عەرەبان کە کوردستان بە بەشێکی خاکی عەرەب دادەنێن. کوردستانێکی هەمیشە بەر خەتەر، دەبتە هاوپەیمانێکی ئیسرایل. کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئێستا بەپارێزتر دەبێ سەبارەت بە پێوەندیی نزیك و گەرم و گوڕ لەگەڵ ئێراندا، لەکاتێکدا ئێران هاوپەیمانێکی هەرە برواپێکراوی کوردان بووە دژی عێراق. کێشەی ئەقلیمیی کوردستانێکی سەربەخۆ لەگەڵ تورکیادا، دەبتە کێشە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا (واتە لەنێوان تورکیا و کوردستانی سەربەخۆدا- وەرگێر)، تەواوی ڕۆژئاوا ڕاناکێشێتە ناو شەڕێکی بنبەستی وا کە ڕۆژئاوا هیچ کارێکی پێدا نییە. هەروا عارەبیش لە پەیامەکە دەگەن: لەگەڵ ئەمریکا تێکبگیرێن، دەوڵەتی خۆتان دەخەنە بەر مەترسیی پارچە-پارچەبوون.**

Posted by Ted Belman

http://www.israpundit.com/2007/?p=6399